# جێندەر لای جۆدیت باتڵەر (توێژینەوەیەکی ناوەڕۆک شیکاریی بەراوردکارییە بۆ تێگەیشتن لە چەمکی جێندەر لە نێوان ڕۆژئاوا و کوردستاندا)

**م. د. هەتاو حمەساڵح حسێن**
زانکۆی هەڵەبجە
hataw.salih@uoj.edu.iq
**م. د. بێخاڵ ئەبوبەکر حسێن**
زانکۆی سلێمانی
bekhal.hussein@univsul.edu.iq

**پوختە**

لەم چەند ساڵەی رابوردوودا چەمکی جێندەر بە شێوەیەکی چڕوپڕ هاتۆتە کوردستانەوە و لەگەڵ خۆیدا مشتومڕێکی زۆری لە نێو ئەکادیمیست و ڕۆشنبیراندا دروستکردووە. هەندێک بە فریادڕەس و چارەسەری هەموو کێشە ئاڵۆزەکانی ژنانی دادەنێن و هەندێکیش بە تێکدەری کلتور و ئاین و بەهای کۆمەڵگەکان هەژماری دەکەن. لەم توێژینەوە شیکارییەدا، ئامانجمان بریتییە لە خوێندنەوەیەک بۆ بیری جێندەر لای جۆدیت باتڵەر (Judith Butler) وەک یەکێک لە تیۆریستەکانی بواری جێندەر. لەم ڕووەوە تیشک دەخرێتەسەر پانتاییەکانی بیری جێندەریی لای باتڵەر لەسەر هەریەکە لە (جێگیریی سێکسیی Sex Stability، کردەگەرایی (ئەدای) ڕەگەزیی Sex Performance، سیستمی نادووانەیی ڕەگەز Non-binary system، شەبەنگی جێندەریی Gender Spectrum، کویرەکان Queers). هەریەکە لەم چەمکانە لە ئێستادا، لە ڕۆژئاوا کاری لەسەر دەکرێت و پێشبینی دەکرێت لە چەند ساڵی داهاتوودا لەناو کوردستانیشدا پەرەبسێنێت، بەتایبەت لەم سەردەمەی ئێستای میدیا و تەکنەلۆژیای نوێدا کە هیچ سنورێک یان بەربەستێک لە بەردەم بڵاوبوونەوە و گەیاندنی بیرو ئایدیاکاندا نەماوە. میتۆدی بەکارهاتوو لەم توێژینەوەیەدا بریتییە لە شیکردنەوەی ناوەڕۆک بۆ نوسینەکانی باتڵەر و کەرەستەی شیکردنەوەکە زۆرترین توێژینەوە بڵاوکراوەکانی خودی باتڵەر لە ڕۆژئاوا دەگرێتەخۆ. لە هەنگاوی دواتردا، بەراوردێک لە نێوان بۆچونەکانی باتڵەر و نوسەرانی کورد بۆ چەمکی جێندەر لە ڕێگەی گفتوگۆی گروپیی بۆ پێنج مامۆستای زانکۆ ئەنجامدراوە، ئەمەش بە مەبەستی وەرگرتنی بیروڕای ئەکادیمستان و چالاکوانی بواری فێمینزم دەبێت، بۆ زانینی جیاوازی لە تێگەیشتن و کارکردن بۆ ئایدۆلۆژیای جێندەر لە ڕۆژئاوا و کوردستاندا.

کلیلە وشەکان: باتڵەر، جێندەر،سێکس، فێمینیزم.

**Abstract**

Recently, the concept of gender has intensively entered Kurdistan and has caused a lot of debate among academics and intellectuals. Some perceive it as the savior and solution to all women's complex problems while others consider it as a ruiner of culture, religion, and values of societies. In this analytical study, we aim to read Judith Butler's gender thought as one of the gender theorists. In this regard, Butler's areas of gender thought are highlighted: Sex Stability, Sex Performance, Non-binary system, Gender Spectrum, and queer. Each of these concepts is currently being worked on in the West and is expected to develop in Kurdistan in the next few years, especially in the current era of new media and technology where there are no limits or obstacles to the spread and communication of ideas. The method used in this study is a content analysis of Butler's writings, and the analysis materials include most of Butler's own published papers in the West. In the next step, a comparison between Butler's and Kurdish writers' views on the concept of gender was conducted through group discussions with five university professors in Kurdistan.

Keywords: Butler, Gender, Sex, Feminism

**پێشەکی**

تــا ئەو کــاتەی بــاتڵەر کتێبی کێشـــەی جێنـدەری ( Gender Trouble: Feminism and the Subversion of Identity)نووسـی بە شـێوەیەکی گشـتی دەوترا سـێکس و جێندەر جیاوازن. پێشـتر نوسـەرانی بواری جێندەریی ( Simone de Beauvoir; Ann Oakley؛Betty Friedan ) هەموو کۆکبوون لەســـەر ئەو پێنـاســـەیەی کە دەڵێت جێنـدەر بـابەتێکی کۆمەڵایەتییەوە و ڕەگەز بـابەتێکی بـایۆلۆژیی، واتە جیـاوازی لە نێوان زاراوەی ســـێکس و جێندەردا کراوە، ئەم جیاکارییەش بەشـــێوەیەکی بەرفراوان لە نێو فێمینیســـتەکاندا قبوڵکراوبوو. بەڵام باتڵەر هات و بیرۆکە نوێیەکەی دەربڕی و وتی: هەروەک چۆن جێندەر لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بنیـاتنراوە، ڕەگەزیش دەکرێت لەڕوی کۆمەڵایەتییەوە بنیـاتبنرێت واتە دەکرێت چەند جۆرێکی هەبێت، بۆ نمونە پەیوەستکردنی سێکس بە کردەگەراییی کۆمەڵایەتییەوە (Sex Performance)، لە تەواوی کارەکانیدا باتڵەر باس و توێژینەوەکانی لەســـەر ئەم دیدگایە چڕکردوەتەوە و لە ئێســـتادا بیرۆکەکانی کاریگەرییان لەســـەر توێژینەوەکانی بواری فێمینیزم و جێندەردا هەیە، هەروەها بەشـــدارییان لە گۆڕینی تێگەیشـــتنی باو (یان "تەقلیدیی"بە وتەی باتڵەر) بۆ جێندەر کردووە.

باتڵەر رەخنە دەگرێت لە هەموو ئەو فێمنیســـتانەی کە هێشـــتا بەشـــێوەیەکی تەقلیدیی کاردەکەن، واتە هەموو ئەوانەی بەپێی تیۆری سـیمۆن دی بۆڤوار دەڕۆن، بەو واتایەی جێندەر بریتیی بێت لە مافی یەکسـانی ژن و پیاو و چارەسـەرکردنی کێشـەکانی ژنان لە ڕووی تەندروستیی، نەخوێندەواریی، هەژاریی.... هتد.[1]

باتڵەر گفتوگۆی پرسـەکانی_ یان وەک خۆی دەڵێت کێشـەکانی[2] -جێندەریی و ناسـنامەی ڕەگەزیی گەورەترکرد. بیرۆکەکانی دەڵێت: ناکرێت لە باسـی جێندەردا سـەرنج لەسـەر جیاکاریی نێوان نێر و مێ بێت، بەڵکو پێویسـتە فراوانتر بکرێت، بەجۆرێک زۆرێک لە ئەزموون و ناسـنامەی جێندەریی لەخۆ بگرێت وەک (جێگیریی ڕەگەزیی، ئەدای ڕەگەزیی، سـیسـتمی نادووانەیی ڕەگەز، هۆمۆسێکسواڵیتی، کویرەکان).

باتڵەر لە کتێبەکەیدا (Gender Trouble)، دەپرسـێت بۆچی پراکتیزە سـێکسـییە ناباوەکان وەک (هۆمۆسـێکسـواڵیتی، کویرەکان) خراونەتە ژێر پرسیارەوە؟ پرسیار دەکات ئایا ژن چییە، پیاو چییە؟ لە درێژەی باسەکەیدا دەڵێت: ئەگەر چیتر ڕەگەز وەک (فاکتێکی چەسپاو) لە ڕێگەی سێکسواڵیتی باوەوە تێنەگەین، ئەوا قەیرانی ڕەگەز نامێنێت (Butler, 1999).

لە بەناوبانگترین ئەوانەی ســـەرکردایەتی شـــەپۆلی ســـێهەم و پۆســـت فێمینیزم دەکەن بریتیین لە ( Eve Kosofsky Sedgwick; Judith Butler؛Donna Haraway )، ئەمان چوارچێوەیەکی نوێیان بۆ پۆلێنکردنی ڕەگەز و ناسنامەی سێکسی پێشنیار کرد و سەرقاڵی تیۆریزەکردنی ناسنامەی کویرن (ناسنامە نارِوونەکان).

ئاراستەکانی فێمینزم تەنیا یەک جۆر نەبوون بەڵکو جۆراوجۆر بوون، وەک: فێمینیزمی لیبراڵیی و سۆسیالیستی و مارکسیی ، ڕادیکاڵیی ، پاشـــان ڕەوتی "پۆســـت فێمینیزم" ســـەریهەڵدا. وەک باســـمانکرد جودیت باتڵەر بە پێشـــەنگی ڕەوتی ڕادیکاڵیی دادەنرێت، ئەو ســـەرســـەختانە جۆرێک لە مۆدێلی ڕادیکاڵیی و توندڕەوانە دەخاتە ڕوو، باتڵەر تەنها بە مافی یەکســـانی ڕەها و یەکسانی ژمارەیی و سەیرکردنی پیاو وەک نەیار و کێبرکێ و ڕقلێبوونەوەی پیاوەوە نەوەستا بەڵکو هاتە سەرباسی کردەگەراییی ڕەگەزیی و نەهێشتنی دووانەیی ڕەگەزییی و داهێنانی تیۆری کویر و بانگەشەکردن بۆ بوون بە ڕەگەزخواز.

**کێشەی توێژینەوە**

کاتێک توێژەرێک دەیەوێت لێکۆڵینەوە ســـەبارەت بە چەمکی جێندەر بکات بە زەحمەت لە کتێبخانەی کوردی و تەنانەت لە ناو زانکۆکاندا بابەتی نوێی لەســـەر نوســـین و توێژینەوەکانی نوســـەرانی ڕۆژئاوای وەک جۆدیت باتڵەر دەســـتدەکەوێت. لەگەڵ ئەوەی لە ئێستادا لە هەموو زانکۆکان و وەزارەتەکاندا سێنتەری جێندەر و یەکەی جێندەریی هەیە، چەندین توێژینەوەی ئەکادیمی لەســـەر فێمینیزم و جێندەر لە کوردســـتاندا ئەنجامدراوە، بەڵام هێشـــتا کەمترین باس دەربارەی هەریەکە لە چەمکە نوێیەکانی جێندەریی وەک "جێگیریی سێکسیی، کردەگەراییی (ئەدای) ڕەگەزیی، سیستمی دوانەیی ڕەگەز، شەبەنگی جێندەریی، کویرەکان Queers" نوســـراوە. ئەڵبەت بەشـــێکی زۆری کەمی نوســـین لەم بوارەدا بۆ تازەیی چەمکی جێندەر و هەروەها نامۆیی باس و نوسینەکانی جێندەر و پۆست فێمینیزم دەگەڕێتەوە.

---

1 جگە لە سیمۆن دی بۆڤوار کەسایەتییەکی دیاری بواری فێمینیزمیی ئیما واتسۆن (Emma Watson) ئەکتەری گەنجی ئەمریکی لە ساڵی ٢٠١٤، لە وتارێکدا وەک باڵیۆزی نیازپاکی نەتەوە یەکگرتووەکان، دەڵێت: تا زیاتر باسی فێمینیزم بکەم، زیاتر تێدەگەم کە بەرگریکردن لە مافەکانی ژنان زۆرجار هاوواتای ڕق لێبوونەوە لە پیاوان نییە.

2 کتێبە بەناوبانگەکەی لەژێر ناونیشانی (کێشەی جێندەر: فێمینیزم و تێکدانی ناسنامە)دا داناوە.

ئەم توێژینەوەی لە ئێستادا دەمانەوێت بیخەینە نێو کتێبخانەی کوردی و زانکۆکان، کەم لە توێژەران دەیانەوێت لەسەر ئەم ناونیشانە بنوسن چونکە باسەکانی هێندە نامۆیە نوسەران نایانەوێت خۆیانی لێبدەن، بەڵام نەبوونی نوسین لەم بوارەدا کێشەکەی گەورەتر کردووە و ئاڵۆزیی زیاتر لەسەر بابەتە دروستکردووە، بەجۆرێک هەریەکە بەشێوەیەک قسەی لەسەر دەکات و زۆرجار ڕۆشنبیران لە شیکردنەوەی تێرمەکەدا دەکەونە هەڵەی گەورەوە و هەندێ جاریش بابەتەکە کراوەتە شەڕی ئایدۆلۆژیی. لەسەردەمی کرانەوەی دنیای ئەمڕۆدا بەڕووی تەکنەلۆژیا و میدیا و سۆشیاڵ میدیادا و لەسەردەمی هاتنی لێشاوی بیر وئایدیاکاندا ئاساییی نییە توێژەران لەمەڕ نوسینی ئەم جۆرە بابەتانە خۆیان بەدوور بگرن. لەبەرئەوە نوسینی ئەم توێژینەوەیە بەیەکێک لە توێژینەوە گرنگەکان دادەنرێت بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە و هەروەها بۆ زیاتر ئاشناکردنی بیرو ئایدۆلۆژیای جێندەریی نوێ بە بواری ئەکادیمیی و خوێنەری کورد.

**ئامانجی توێژینەوە**

ئامانج لەم توێژینەوەیە بریتییە لە:

- خستنەڕووی بۆچوونەکانی باتڵەر دەربارەی جێگیریی ڕەگەزیی، نمایشی ڕەگەزیی، سیستمی دوانەیی ڕەگەز (Binary System)، جیاکردنەوەی جێندەر و سێکس، هۆمۆسێکسواڵیتی، و کویرەکان.
- بەراوردکردنی بیروڕای باتڵەر لەگەڵ فەلسەفە و نوسەرانی پیش خۆی بەتایبەت سیمۆن دی بۆڤوار.
- خستنەڕووی ڕەخنەکانی توێژەران و نوسەران هاوچەرخی خۆی بەرامبەر بیرۆکەکەی باتڵەر و داکۆکیکردنیان بۆ جیاکردنەوەی جێندەر و سێکس، هەروەها ڕەتکردنەوەکانی باتڵەر بۆ ئەو جیاکارییە.
- زانینی جیاوازی لە تێگەیشتن و کارکردن بۆ ئایدۆلۆژیای جێندەر لە ڕۆژئاوا و کوردستاندا.

**پرسیاری توێژینەوە**

١- ئایا دیدگای باتڵەر بۆ ئایدۆلۆژیای جێندەر چییە و چۆن باس لە هەریەکە لە جێگیریی ڕەگەزیی، نمایشی ڕەگەزیی، سیستمی دوانەیی ڕەگەز، جیاکردنەوەی جێندەر و سێکس، هۆمۆسێکسواڵیتی و کویرەکان دەکات؟

٢- ڕەخنە و مشتومڕە سەرەکییەکانی دەوروبەری بۆچونەکانی باتڵەر سەبارەت بە جێندەر چین و نوسەرانی بواری جێندەر چۆن وەڵامیان داوەتەوە؟

٣- ئایا جیاوازی لە تێگەیشتن و کارکردن بۆ ئایدۆلۆژیای جێندەر لە ڕۆژئاوا و کوردستاندا هەیە؟

**میتۆد**

میتۆدی بەکارهاتوو لەم توێژینەوەیەدا لە جۆری وەسفییە، تیایدا شیکاریی و بەراوردکاریی بۆ دیدگای باتڵەر سەبارەت بە ئایدۆلۆژیای جێندەر لەگەڵ نوسەر و فەیلەسوفە فێمینیستە دیارەکانیتر ئەنجامدراوە بۆ ئەم مەبەستەش دوو ڕێگا بەکارهاتووە:

یەکەم، شیکاریکردنی دەقیی بۆ کارە سەرەکییەکانی باتڵەر ئەنجامدراوە بۆ دەستنیشانکردنی خاڵەکانی لێکنزیکبوونەوە و جیابوونەوە.

دووەم، ڕێگەی چاوپێکەوتنی گروپیی ئەنجامدراوە، ئەمەش بە مەبەستی بەراوردکاریی بۆ جێندەر وەک ئەوەی لە ڕۆژئاوادا جێبەجێدەکرێت لەگەڵ تێگەیشتن لە جێندەر لای زۆرێک لە ڕۆشبیرانی کورد.

**کۆمەڵگەی توێژینەوە**

یەکەم، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە لە دەقشیکاریدا بریتییە لە بەرهەم و نوسینەکانی باتڵەر، بەتایبەت کتێبی:

.(1999)  "Gender Trouble: Feminism and the Subversion of Identity"

دووەم، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە لە بەراوردکارییدا لە کۆمەڵێک مامۆستای زانکۆ و چالاکوانی بواری ژنان پێکدێت.

**چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوە**

**باسی یەکەم: بەرهەمەکانی باتڵەر**

باتڵەر بەرهەم و بیرۆکەکانی لە دووتوێی چەند کتێبێکدا خستۆتەڕوو، لەوانە: کێشەی جێندەر: فێمینیزم و تێکدانی ناسنامە "Gender Trouble: Feminism and the Subversion of Identity" (1990)

یەکێک لەو بەرهەمە چاپکراوانەی باتڵەر کە زۆرترین مشتومڕی لە جیهاندا هێناوەتە ئارەوە، بریتییە لە کتێبی (کێشەی جێندەر: فێمینیزم و تێکدانی ناسنامە "Gender Trouble: Feminism and the Subversion of Identity") بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٩٠ چاپکراوە، دواتر چاپی دووەمی ١٩٩٩ دەرچووە. کتێبەکە بەشێوەیەکی گشتی لەنێو بواری جێندەریدا تێڕوانینی

بۆ جێندەر و سێکس گۆڕی، بیرۆکەی تیۆری کویری داهێنا، هەروەها ڕووبەڕووی سیستمی دووانەیی ڕەگەز[3] دەبێتەوە و بە شێوازێکی تەقلیدیی ناوی دەهێنێت.

لەبەر دەنگدانەوەی زۆری کتێبی "Gender Trouble: Feminism and the Subversion of Identity" (1999) بەکورتی تیشکی زیاتری دەخەینەسەر:

لە پێشەکی کتێبی کێشەی جێندەردا، چاپی دووەمی ساڵی ١٩٩٩ لە لاپەرە ٢٣ بە ڕاشکاوانە دەڵێت: من بە هێچ جۆرێک پێشبینی ئەوەم نەدەکرد ئەم کتێبەم ئەوەندە ڕەواجی هەبێت. دەڵێت: "دە ساڵ لەمەوبەر لە ساڵی ١٩٩٠ دەستنووسی کتێبی (کێشەی جێندەر)[4]م تەواوکرد و ناردم بۆ ناوەندی بڵاوکردنەوەی (Routledge). نەمدەزانی نوسینەکەم ناوبانگێکی ئەوەندە فراوانی دەبێت، هەروەها نەمدەزانی گۆڕانکارییەکی هێندە گەورە لە تیۆری فێمینیزمییدا دەهێنێتە کایەوە، یان دەبێتە یەکێک لە کۆڵەکە پتەوەکانی دامەزراندنی تیۆری کویریی (یان کویربوون) (Queer Theory). بەڕاستی کتێبەکەم تەنانەت پێشبینییەکانی خۆشمی تێپەڕاند".[5]

باتڵەر لە باسکردنی ئەزمونی ژیانی خۆیدا دەڵێت: "لە پێش نووسینی ئەم کتێبەدا بۆ ماوەی چواردە ساڵ لە نێو کۆمەڵگەی هاوڕەگەزبازاندا لە کەنارەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەمریکا ژیام، چوومە زۆر کۆبوونەوە و بار و ڕێپێوانەکانیان. من هەمیشە ویستوومە لەبواری ڕەگەزدا بە نەرێنی و بە جیاواز بیربکەمەوە، بۆیە لەگەڵ گروپێکی هۆمۆسێکسواڵیتی چالاکواندا کارم کردووە، سەرەتا ئەندامی دەستەی کارگێڕی بووم و دواتر بوومە سەرۆکی دەستەی کارگێڕی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی بۆ مافەکانی مرۆڤی هاوڕەگەزبازان".

باتڵەر بەسەرسوڕمانەوە دەڵێت: "ئەوەی زۆر نیگەرانی کردم ئەو بۆچونانە بوون کە ترس و دڵەڕاوکێی لە بەرامبەر ئەم جۆرە پراکتیزانەدا دادەنا. ئایا بۆ نموونە، تێکچوونی سیستمی دووانەیی ڕەگەزیی (Binary System) ئەوەندە تابۆ بوو، ئەوەندە ترسناک بوو، بە جۆرێک هەموو هەوڵێک بۆ بیرکردنەوە لە ڕەگەز ڕێگری لێدەکرا و مەحاڵ بوو؟"

کتێبی "کێشەی جێندەر" نوسینێکی هێرشبەرانەیە، تەحەدای زۆرێک لە نۆرم و نەریتەکانی کۆمەڵگە بەتایبەت لە بوارەکانی سێکس و جێندەردا دەکات، وەک کردەگەرایی ڕەگەزیی، سیستمی دووانەیی ڕەگەزیی (واتە نێرومێ)، کویرەکان... هتد. باتڵەر دەڵێت "هەروەک چۆن وتمان جێندەر بابەتێکی کۆمەڵایەتییە بەهەمان شێوە سێکسیش بنیاتێکی کۆمەڵایەتییە و بەردەوام لە ڕێگەی نۆرم و چاوەڕوانییە کۆمەڵایەتییەکانەوە ئەنجام دەدرێت و بەرهەم دەهێنرێتەوە، نەک فاکتێکی بایۆلۆژی جێگیر".

- "Bodies That Matter: On the Discursive Limits of 'Sex'" (1993)

باتڵەر لە کتێبی (جەستە گرنگەکان: لەسەر سنووورە گوتارییەکانی "سێکس") (1993) بەردەوامە لە گەڕان بەدوای بیرۆکەکانیدا سەبارەت بە ڕەگەز و ناسنامەی سێکسی، تیشک دەخاتە سەر چەمکی "جەستە" و ڕۆڵی لە داڕشتنی ناسنامەی سێکسی و ڕەگەزدا. باتڵەر هەروەها باسی لە لایەنە سیاسییەکانی ڕەگەز و ڕۆڵی دەسەڵات لە پێناسەکردن و وێناکردنی ڕۆڵی سێکسیدا کرد.

باتڵەر ئەم کتێبەی بۆ دۆزینەوەی مەسەلەکانی سێکس و جێندەر لە هەردوو بواری دەرون و جەستەدا، نووسی. ئەو بەدواداچوون بۆ تێگەکانی سێکس و جێندەر بە شێوازێک دەکات کە دەکرێت دووبارە پێناسەبکرێنەوە بۆ ئەوەی ڕێگا بە ژمارەیەکی بێپایان لە جیاوازی ورد و هەمئاهەنگی لەنێوخۆیاندا بدەن. باتڵەر میتۆدێکی فرەپسپۆڕیی لە ڕەخنەی ئەدەبیی و فیلمسازیی، هەروەها تیۆری فەلسەفیی و دەرونشیکاریی بەکاردەهێنێت.

سەرەتا باتڵەر دەستی بە "تێڕوانین لە ماددیبوونی جەستە" کردووە و دواتر لە بەشەکانی کتێبەکەیدا بەدواداچوونی بۆ دەکات. سەرەڕای ئەمەش لە پێشەکی ئەم کتێبەکەیدا، باتڵەر ئاماژەی بەوە دەکات کەوا ناتوانێت دەق تەنها لەم بوارەی جەستەدا (واتە بواری ماددی)کورتبکاتەوە. بەم شێوەیە (جەستە) خاڵی دەسپێکە، چوارچێوە، یان ئەو سنورەیە کە باتڵەر چەندین پرسیاری لەبارەوە دەوروژێنێت.

- "Undoing Gender" (2004)

---

3 باتڵەر لە کتێبی (کێشەی جێندەر)دا دەڵێت ئێمە وەک کۆمەڵگە پێویستمان بە دروستکردنی کێشەی جێندەرییە بە تێکدانی دووانەی جێندەری بۆ هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی چەوسێنەری پیاوسالاریی و هێترۆسێکسواڵیتی ناچاریی.

4 واتە لە چاپی یەکەمدا کە ساڵی ١٩٩٠ دەرچوو.

5 "Ten years ago I completed the manuscript of Gender Trouble and sent it to Routledge for publication. I did not know that the text would have as wide an audience as it has had, nor did I know that it would constitute a provocative “intervention” in feminist theory or be cited as one of the founding texts of queer theory. The life of the text has exceeded my intentions, and that is surely in part the result of the changing context of its reception."



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

لە کتێبی "پاشەکشە لە جێندەر" دا، باتڵەر تێگەیشتنی خۆی لە ڕەگەز فراوانتر دەکات و بەدواداچوون بۆ ئەو هەموو ئەو ئاستەنگانە دەکات کە پەیوەندییان بە پێناسەکردنی ڕەگەزەوە هەیە. باتڵەر سەرنجی خۆی خستە سەر ڕۆڵی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان لە هەڵوەشاندنەوەی چەشنە چەقبەستووەکانی سێکس و ڕەگەز، و کردنەوەی ڕێگا بۆ دانانی بە هەمەجۆریی ناسنامەی سێکسیی و ڕەگەزییدا.

لەم کتێبەدا، باتڵەر ڕەخنە لە فێمینیستەکان دەگرێت و بە کۆنەپەرست، و بە کۆمەڵی (نەگۆڕە جێندەرەکان) ناویان دەهێنێت. باتڵەر مشتومڕ لەگەڵ باوەڕە جێگیرەکان دەکات، و سەبارەت بە سێکس و ڕەگەز و هەوڵدەدات ڕێگایەک بۆ دانانی بە فرەچەشنیی ڕەگەزییدا بدۆزێتەوە. بە واتایەکی تر، باتڵەر جەخت لەسەر گرنگی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان لە نەهێشتنی چەشنە چەقبەستووەکانی سێکس و ڕەگەز دەکاتەوە.

باتڵەر شیکارییەکانی بە پشتیوانی چەمکەکانی هیگڵ لە بارەی "ئارەزوو"، "دانپیانان"دا دەکات، هەر بەم شێوەیەش بە ئاشکرا کێشەی جێندەر تیۆریزە دەکات. پێش نوسینی ئەم کتێبە، هەرگیز بە شێوەیەکی بەردەوام باسی لە جێندەرگۆڕ و دووڕەگەزخوازەکان نەکردووە. باتڵەر کار بۆ کۆمەڵێک شت دەکات کە تەنانەت هاوڕەگەزبازان بیریان لێ نەکردۆتەوە، و هەمیشە هەوڵی فراوانکردنی سنوری ئەو بوارەی داوە کە خۆی دەستێکی باڵای لە دامەزراندنیدا هەبووە.

ئەم کتێبە، وەڵامی بۆ سیاسەتی نوێی جێندەریی، دەرونشیکاریی، فەلسەفە، فێمێنیزم، تیۆری کویریی تێدایە. لە هەوڵێکدا بۆ گۆڕنی ژیانی مرۆڤ، باتڵەر بەورییاییەوە دەچێتە ناو کلتوری هاوچەرخەوە، بە وروژاندنی پرسیارگەلێکی بنەڕەتی سەبارەت بە توێژینەوەکانی بواری LGBTQI، ئەو توێژینەوانەی کە تەنها لەبارەی هاوڕەگەزبازی نێر یاخود هاوڕەگەزبازی مێ نین، بەڵکو بە ڕای باتڵەر، بۆ هەموو جۆرە داهاتووەکانی مرۆڤ گونجاوە (Zavaletta, 2005).

- "Frames of War: When Is Life Grievable?" (2009)

لە لایەکی ترەوە باتڵەر لە کتێبی (چوارچێوەکانی جەنگ: کەی ژیان خەمناک دەبێت؟) تیشک دەخاتە سەر سیاسەت و ڕەگەز و دەسەڵات و ڕۆڵی زمان و دەق لە بنیاتنانی پێشوەختە و وەدەرنانی.

باتڵەر باس لە ڕۆڵی دەسەڵات لە پێناسەکردنی ڕۆڵی سێکسی و داڕشتنی تێڕوانینە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ڕەگەز دەکات. دەسەڵات و کۆنترۆڵکردن و بنیاتنانی ناسنامەی سێکسی و جێندەریی بەیەکەوە دەبەستێتەوە. لە بەشی سێیەمی ئەم کتێبەدا، باتڵەر باس لە چوارچێوەی کلتوریی بۆ پەیوەندییە هاوبەشەکانی نێوان مافەکانی گروپە کەمینەکان دەکات، بە دیاریکراویش چۆن هەڵوێستی دوژمنکارانە کاریگەریی لەسەر پەیوەندیی کەمینە ئایینیی و سێکسییەکان هەیە. باتڵەر ئاماژە بە ستراتیژێک دەکات کە بە هۆیەوە سیاسەتی چەپڕەو دەتوانێت لە هەمان کاتدا ڕووبەڕووی هۆمۆفۆبیا و ئیسلامۆفۆبیا ببێتەوە، وەک نمونەیەکی سەرەکی ئاماژە بە وڵاتی هۆڵندا دەکات.

لێرەدا باتڵەر لەو ڕێگایانە دەکۆڵێتەوە کە بۆچی حکومەتی هۆڵندیی هاوڕەگەزبازیی وەک سومبولی نوێگەریی (مۆدێرنیتە) نمایشدەکات. مەبەستی باتڵەر ئەوەیە کە دەسەڵات مەسەلەی جێندەر و کویرەکان بۆ یەکلاکردنەوەی ئەجێندای سیاسیی بەکاردەهێنێت (McGrath, 2009).

**باسی دووەم: خوێندنەوەیەک بۆ دیدگای باتڵەر لەسەر جێندەر و ڕەگەز**

جودیت باتڵەر تێڕوانینی بۆ چەمکی جێندەر گۆڕی و داڕشتنەوەی بۆ کرد، ئەو بە یەکێک لە فەیلەسوفەکانی ئایدۆلۆژیای جێندەریی دادەنرێت، نوسین و توێژینەوەی زۆری لەو بوارەدا هەیە. لەگەشەسەندنی فەلسەفەی جێندەریدا باتڵەر بابەتێکی نامۆی خستە بەر باس کە پێشتر تیشکی نەخرابوویەسەر، و داکۆکیکردنێکی سەختگیرانەی لەو بیرۆکەیەی کرد کە دەڵێت سێکسی مرۆڤەکانیش دەتوانرێت لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە بنیات بنرێت هەروەک چۆن جێندەر لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بنیات نراوە. لەپێش هاتنی باتڵەر نوسەران لە بواری فێمینیزم و جێندەردا لە گفتوگۆ و شیکردنەوەکایاندا کۆکبوون لەسەر ئەوەی جێندەر ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی هەیە، بۆ نمونە، لە زمانی کوردیدا لە بەرامبەر وشەی جێندەر (جۆری کۆمەڵایەتی) لە عەرەبیشدا (النوع الاجتماعي) بەکارهاتووە. ئەمەش لەسەر بنەمای ڕەهەندەکانی جێندەر داڕێژراوە، ئەمەش لەزۆر بواردا خۆی دەبینێتەوە وەک یەکسانی مافی کارکردن و ڕەخساندنی هەلی یەکسان بۆ ژن و پیاو، داکۆکیکردن لە مافەکانی ژنان و پاراستنییان ویەکسانکردنی ڕۆڵی ژن و پیاو لە کۆمەڵگەدا.

بەڵام کاتێک باتڵەر هات _ وەک یەکێک لە نوسەرە بەناوبانگەکانی بواری سێکسیی و جێندەریی _ بەتەواوی نوسینەکانی پێش خۆی ڕەتکردوە، وەک دەڵێت: ئەو هاتووە تا گۆڕانکاری لە تێگەیشتنە تەقلیدییەکانی جێندەردا بکات، بۆ نمونە، لەگەڵ ئەوەی فەلسەفەی سیمۆن دی بۆڤوار بە بەردی بناغەی جێندەر دادەنرێت، بەڵام باتڵەر بە ڕاشکاودی ڕەخنەی لێدەگرێت. لەبری ئەوە کۆمەڵە بابەتێکی تەواو جیاواز وەک (تیۆری کویر، شەبەنگی جێندەریی، ئەدای ڕەگەزیی، ڕەتکردنەوەی سیستمی دووانەیی، لەگەڵ داکۆکیکردن لە مرونەتی گۆڕانکاریی لە ناسنامە و ڕەگەزی مرۆڤدا) خستە بەرباس و لێکۆڵینەوە.

**رەخنە لەسەر بیرۆكەكانی جودیت باتڵەر بەتایبەت لە بواری سێكس و جێندەردا**

هەندێک باتڵەر تۆمەتبار دەکەن بەوەی کە واقیعی تێپەڕاندووە و دەڵێن باتڵەر وەک ئەبستراکتێک مامەڵەی لە چەمکی ڕەگەزیدا نەکردووە و بەشێوەیەکی سەرسەختانە هەموو جیاوازییە ڕاستەقینەکانی نێوان هەردوو ڕەگەز ڕەتدەکاتەوە و ئەزموونی مرۆڤەکان لەبەرچاو ناگرێت، بۆ نمونە:

یەکەم، باتڵەر ڕەخنە لەو فاکتە دەگرێت کە دەڵێت ڕەگەز لە لایەنی بایۆلۆژییەوە جێگیر و دیاریکراوە، بەڵکو جەخت لەوە دەکاتەوە ڕەگەزیش وەک جێندەر پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتییە و لە ڕێگەی دووبارەبوونەوەی بەردەوامی کردار و ڕەفتارەکانەوە دروستبووە. باتڵەر ڕەخنەی ئاراستەی هەموو ئەو نەریتە یان ئەو سیستمە، تەنانەت ئەو بیرمەندانەی بواری جێندەر کردووە کە "ڕەگەز Sex" یان وەک نەگۆڕێک داناوە، هەربۆیە ئەم بیرۆکەیەی باتڵەر چەمکی جێندەری بەرەو تونێلێکی ئاڵۆز و نامۆ بردووە.

دووەم، لە بواری شوناسی سێکسییدا: باتڵەر جەختێکی زۆر لەسەر کردەگەرایی کۆمەڵایەتی سێکس (Sex Performance) دەکاتەوە و دەڵێت شوناسی سێکسیی لە ڕێگەی دووبارەبوونەوەی بەردەوامی کردار و ڕەفتارەکانەوە دروست دەبێت. یەکێک لەو کارانەی باتڵەر کە بە شێوەیەکی فراوان تێگەیشتنی بۆ چەمکی جێندەر گۆڕی بریتی بوو لە وروژاندنی پرسیارێکی ئاڵۆزی سێکسیی بۆ چۆنێتی بنیاتنانی ناسنامەی سێکسیی و ڕەگەزیی. لەبری ئەوەی سێکس وەک تایبەتمەندییەکی جێگیر سەیر بکات کە بنەمایەکی بایۆلۆژیی هەیە، دەڵێت سێکس پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی بەردەوامە و لە ڕێگەی دووبارەبوونەوەی کردار و ڕەفتارەکانەوە دروست دەبێت. لێرەوە ڕەخنەی لە تێڕوانین بۆ نەریتەکانی سێکسی باو گرت، و تیۆری کردەگەرایی جێندەریی (Gender Performativity)، و نواندن یان نمایشکردنی سێکسیی (Sex Performance) داهێنا.

سێهەم، لە کتێبی "کێشەی جێندەر"دا، باتڵەر لە ڕێبازەکانی سیمۆن دی بۆڤوار و دیاردەناسی دووردەکەوێتەوە و لەبری ئەوە، تیۆرییەکەی لەسەر بنەماکانی نیچە دادەمەزرێنێت، لەسەر ئەو بیرۆکەیەی دەڵێت:"هیچ بوونێک لە دەرەوەی کردار نییە... واقیع هەموو شتێکە". واتە ناسنامەی سێکسیی لە چوارچێوەی سێکسدا بوونی نییە.

چوارەم، باتڵەر دەڵێت سێکسی مرۆڤ سیفەتێکی سروشتی جێگیریی نییە بەڵکو لە ڕێگەی دووبارەبوونەوەی کردار و پراکتیزەکردنەوە دروست دەبێت. ئەمەش بە پێچەوانەی بنیادی بیرۆکەی سیمۆن دی بۆڤوارە کە دەڵێت (تاکەکان وەک ژن یان پیاو لەدایک نابن بەڵکو کۆمەڵگە دەیانکات بە ژن یاخود پیاو). باتڵەر ڕەخنە لەم تێڕوانینە دەگرێت و تەحەدای دەکات، بۆ نمونە لێکدانەوەی بۆ سیمۆن دی بۆڤوار کە تێڕوانینی بۆ "سێکس" وەک "پرۆسەیەکی" بەردەوام و چەمکسازییە. دیدگای باتڵەر لێرەوە جیادەبێتەوە بەوەی تەواوی پرۆسەی سێکسیی گەڕاندوەتەوە بۆ "ئەدای کارکردن" دەڵێت لە پرۆسەی کۆمەڵایەتییەدا و بەهۆی دووبارەبووەکانی ڕەفتار و ئاماژەکانی جەستە و جووڵە و کردارە پەیوەندیدارەکانەوە "سێکس" لە قاڵبدەدرێت و دروست دەبێت.

باتڵەر دەڵێت: لە ساڵی ١٩٨٩دا کاتێک چاپی یەکەمی کتێبەکەم دەرچوو، زۆرترین ڕەخنەکانم لە تیۆری ئەدەبی فێمینیزمیی و لە گریمانەیەکی جیاڕەگەزخوازیی بوو. من هەوڵمدا بەرپەرچی ئەو بۆچوونانە بدەمەوە کە مانای ڕەگەز سنووردار دەکەن، بۆ نمونە، ئەوەی لە چەمکەکانی نێرینەیی و مێینەییدا بەرجەستە دەبێت. بۆچوونی من وابوو و هەرواش دەمێنێتەوە، هەر تیۆرێکی فێمینیزمیی کە مانای ڕەگەز لە پێشگریمانەکانی پراکتیکی خۆیدا سنووردار دەکات، نۆرمە جیاوازەکانی جێندەریی لەناو فێمینیزمدا دادەمەزرێنێت، و هۆمۆفۆبیایان بەرهەمهێناوە.

باتڵەر دەڵێت: سیمۆن دی بۆڤوار لە کتێبی (ڕەگەزی دووەم)دا نووسیویەتی "مرۆڤ بە ژن لەدایک نابێت، بەڵکو دەکرێت بە ژن". دەستەواژەکە سەیرە، تەنانەت بێمانایە، چۆن مرۆڤ دەتوانێت ببێتە ژن ئەگەر بە درێژایی ماوەی ژیانی ژن نەبووبێت! ئایا ئەم "ژنە" کێیە؟ ئایا دادپەروەرییە ئەگەر وا دابنێین ئەم مرۆڤە پێش ئەوەی ببێتە ژن، خۆی ڕەگەزی خۆی نەبووبێت؟".

**بەراوردکاریی نێوان بۆچونەکانی سیمۆن دی بۆڤوار و جودیت باتڵەر بۆ چەمکی جێندەر**

بۆ زیاتر تێگەیشتن لە بابەتەکە بەراوردکارییەک بۆ هەریەکە لە بۆچونەکانی سیمۆن دی بۆڤوار و جودیت باتڵەر بۆ چەمکی ڕەگەز وەک دوو کەسی دیاری ئەم ڕەوتی جێندەرە دەکەین:

**سیمۆن دی بۆڤوار و کتێبی ڕەگەزی دووەم**

سیمۆن دی بۆڤوار فەیلەسوفێکی بوونگەراییە و یەکێک بوو لە دیارترین فێمینیستەکانی سەدەی بیستەم. لە کتێبەکەیدا بە ناوی "ڕەگەزی دووەم" بە وردی باسی بارودۆخی ژنانی کردووە. ئەو پێی وابوو هۆکاری نەهامەتی ژنان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە قۆناغە جیاوازەکانی ژیانیاندا لە ڕوی ئابوریی و کۆمەڵایەتی و سێکسییەوە لەلایەن پیاوانەوە چەوسێنراونەتەوە، لێرەوە دەڵێت پەیوەندیی ژن لەگەڵ پیاودا لەسەر بنەمای ملکەچبوون و کۆیلەکردنە. دی بۆڤوار بە گشتی وێنەیەکی زاڵ و ستەمکاری بۆ پیاو کێشاوە، دەڵێت هەمیشە پیاو فەرمانڕەوا، دروستکەر، یاخیبوو، هونەرمەند، دروستکەری مێژوو هەروەها کۆنترۆڵکەری دیفاکتۆی ژیان بووە. بەم شێوەیە دی بۆڤوار پێی وابوو ژنان دەبێ لە پشتبەستن بە پیاوان ڕزگاریان بێت، بەڵام بانگەشەی بۆ



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

ڕق لێبوونەوە نەكردووە. بەڵكو دەڵێت تا ئاو كاتەی ژن یەكسان دەبێت بە پیاو با لە پیاو دووربكەوێتەوە. واتە هەموو هەوڵی بۆ گەیشتنە بەو مافانەی كە پیاو پێی گەیشتووە[6]. بۆیە داوا لە ژنان دەكات خۆیان لە پیاو بەدووربگرێن تا ئەو كاتەی دەرفەتیان بۆ دێتە ئاراوە لەڕوی ئابوریی و كۆمەڵایەتییەوە تۆكمەدەبن. چارەسەری دی بۆڤوار بۆ پێشكەوتنی ژنان بریتی بوو لە لاسایكردنەوە و شوێنپێهەڵگرتنی پیاو لە پێناو بەدەستهێنانی یەكسانی تەواو لەگەڵیدا. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانە جیاوازی لە نێوان ڕۆڵی كۆمەڵایەتی ژنان و پێویستی پاراستنی مێینەییان كردوە.

دی بۆڤوار لە كتێبەكەیدا بە شێوەیەكی سەرەكی پشتی بە بوونگەرایی و فەلسەفە و ئەخلاق بەستووە، لە ژێر كاریگەری فەیلەسوف سارتەردا بووە، دەڵێت مرۆڤ دەبێت لەسەر ڕێبازی بەرزبوونەوەی خۆی بەردەوام بێت.

**فەلسەفەی ڕەگەز و جێندەر لای سیمۆن دی بۆڤوار**

لە كاتێكدا ڕەتیدەكاتەوە كە ژن بە ژن لەدایكبێت، سیمۆن دی بۆڤوار دان بەوەدا دەنێت و تەنانەت جەختیشی لەسەر ئەوە كردۆتەوە كە ژن بە مێ لەدایكدەبێت، هەروەك چۆن پیاو بە نێر لەدایكدەبێت. هەر بۆیە دەڵێت: "جەستەی ژن یەكێكە لە توخمە بنەڕەتییەكانی پێگەی ژن لەم جیهانەدا".

دی بۆڤوار پێیوابوو ژنان ناتوانن سێكسی خۆیان ون بكەن، بەڵكو تەنها داوای هەڵوەشاندنەوەی دەرئەنجامەكانی جیاوازی نێوان نێر و مێی دەكرد (حداد، ٢٠٠٨)، بەرگری لە سروشتی مێینەیی ژنان دەكرد، ئەو دەڵێت ئەگەر ژنێك سروشتی مێینەیی خۆی لەدەست بدات، ئەوا دەبێتە بوونێكی ناتەواو.

سیمۆن دی بۆڤوار دەڵێت وازهێنان لە مێینەیی بە واتای وازهێنانە لە سیفەتە مرۆڤایەتییەكەی، كەواتە ڕوونە دی بۆڤوار جەختدەكاتەوە لەوەی "مێینەبوون" سیفەتە مرۆییەكەی ژنە، و دەڵێت ژن پێویستە ڕەگەز یان مێینەیی خۆی بپارێزێت. پێدەچێت دی بۆڤوار تاكە پێشەنگێكی فیمینیست نەبووبێت كە جەختی لەسەر گرنگی مێینەبوونی ژن كردبێتەوە، بێتی فریدانیش ( Betty Friedan) پێی وابوو كە سۆزی مێینە بەرزترین بەهایە لە ژیانی ژندا و تاكە پابەندبوونی ئەویش گەیشتن بە مێینەیی خۆیەتی.

سەبارەت بە ڕۆڵی ژن لە كۆمەڵگەدا، دی بۆڤوار دەڵێت - وەك دەزانرێت - ژن لەدایك نابێت وەك ژن، بەڵكو دەبێتە ژن. ئەو ڕەخنە لە واقعی كۆمەڵایەتی دەگرێت و دەڵێت "كۆمەڵگە ژن لە چێشتخانە یان ژووری نووستندا قەتیس دەكات، پاشان گلەیی لە بیرە تەسكەكانیان دەكات، باڵەكانیان دەبڕێت و دواتر لەبەرئەوەی ناتوانن بفڕن سووكایەتییان پێدەكات. دەڵێت: كاتێك ژن ئازاد دەبێت لەو كۆتوبەندانە ڕزگاری ببێت كە بەهۆی پێگەی ئابوریی و كۆمەڵایەتیی پیاوانەوە بەسەریاندا چەسپاوە" (حداد، ٢٠٠٨: ٢٢٣).

لە كۆتایی ئەم تەوەرەدا گرنگە ئاماژە بەوە بدەین، سیمۆن دی بۆڤوار وەك ڕەگەزێك تەماشای ژنانی كردووە كە هاوتای ڕەگەزی پیاوان بووە، هەر بۆیە كێشەی ژنانی لە یەك كێشەدا سنووردار كردووە، ئەویش هەژموونی پیاوانە بەسەریاندا و كۆنترۆڵكردنیانە لە لایەن پیاوانەوە، و یەك چارەسەریشی بۆ ئەم كێشەیە داناوە كە بریتیی بووە لە هەوڵدان بۆ یەكسانیی تەواو لەگەڵ پیاواندا.

**فەلسەفەی سێكس و جێندەر لای جۆدیت باتڵەر**

سەبارەت بە دیدگای خۆی بۆ جێندەر، باتڵەر لەسەر بنەمای تیۆریەكەی خۆی كە پێی دەوترێت "كردەگەرایی" ( Performativity) دامەزراندووە، گریمانەی ئەوە دەكات "ڕەگەز زنجیرەیەك نمایشە". باتڵەر شیكردنەوە بۆ وتە بەناوبانگەكەی سیمۆن دی بۆڤوار دەكات كە دەڵێت: مرۆڤ وەك ژن لەدایك نابێت، بەڵكو دەبێتە ژن، دەڵێت "ئەمە واتای ئەوە دەگەیەنێت ڕەگەز بەهۆی كۆمەڵە كردەیەكەوە دروستبووە، واتە ڕەگەز هەڵگری شوناسێكی لاوازە و ناسنامەیەكە لە ڕێگەی دووبارەبوونەوەی كردارەكانەوە دامەزراوە"، هەروەها دەڵێت: "لە ئەگەری دووبارەبوونەوەی جۆرێكی دیكەدا ئەگەری گۆڕینی ڕەگەزیی دێتە ئاراوە" (جوديت بتلر, & ثائر ديب، ٢٠١٨: ١٢٨-١٢٩) .باتڵەر زیاتر شیكردنەوە بۆ وتەكەی دی بۆڤوار دەكات و دەڵێت: كاتێك دی بۆڤوار دەڵێت كولتوور و مێژوو ژنیان لاوازكردووە بڕوای تەواوی بەبوونی دوو ڕەگەزی ژن و پیاو وەك ڕاستییەكی بایۆلۆژی هەبووە، بەڵام ژنبوون، بەپێی ئەم جیاكارییە، ڕاستییەكی بێمانایە، چونكە ژنبوون بەواتای بوون بە ژن، ناچاركردنی جەستە بۆ پابەندبوون بەو نەریتە مێژووییەی كە بیرۆكەی "ژن"ی هێناوەتە ئاراوە (عمران ١٣١).

بەڕای زۆرێك لە نووسەران[7] جودیت باتڵەر كۆمەڵە تیۆرییەكی ترسناكی وەك (كردەگەرایی Sex performativity ، كویر Queers، لەناوبردنی سیستمی دووانەیی ڕەگەزBinary system) لە بوارەكانی جێندەر هێناوەتەئاراوە. لە كتێبەكەی

6 لەو سەردەمەی سیمۆن ئەو كتێبەی نوسیوە ژنان خاوەنی هیچ مافێكی سیاسیی، ئابوری....تاد نەبوون.

7 هەتا هاتنی باتلەر تیۆری فێمینیزمی بڕوای تەواوی بە جیاوازی ڕەگەزیی هەبووە، لەلای فێمێنیستەكانی وەك (سیمۆن) ناسنامەی ڕەگەزیی بە ڕوونی دەمێنێتەوە واتا هەریەكە لە تایبەتمەندییەكی ڕەگەز و ناسنامەی ڕەگەزیی و ئاراستەی سێكسی تیایدا بە ڕوونی دیارە. واتە بڕوابوون بە جیاوازی سێكسی لەسەر نەزمی دووانەیی ڕەگەزیی بۆ خزمەتی زیادكردنی مرۆڤ (جوديت بتلر, & ثائر ديب، ٢٠١٨: ١٤٠).

خۆیدا (کێشـەی جێندەر) کە لە سـاڵی ١٩٩٠دا بڵاوکراوەتەوە بە ڕوونی دان بە مەترسـی تیۆرییەکەیدا دەنێت، لەم کتێبەدا باتڵەر بەوردی دیدگای خۆی بۆ سێکس و جێندەر خستوەتەڕوو. هەروەک دەڵێت: "هەوڵمدا دووانەیی جێندەری بروخێنم، دژ بە هەموو گوتارێک بوەسـتم کە تەنها جۆرێک لە پەیوەندی سـێکسـی واتە هیترۆسـێکسـواڵیتی بەڕاسـت بزانێت، یان شـەرعیەت بە هۆمۆ نەدا (Butler, 1990) .

هەروەهـا دەڵێـت: ئەوەی من لەڕاسـتیـدا دەیبینم ئەوەیە، ئەم تـاکە ڕێگەیەی سـێکس لەنێوان دوو ڕەگەزی جیـاواز (هێترۆسـێکسـواڵیتیHeterosexuality ) بەهۆی سـیسـتەمێکی دووانەیی ڕەگەزیی زۆرەملێیەوە دروسـتبووە، ئەمەش بۆ دڵنیابوونە لە زاوزێکردن لە سـنووری سـیسـتەمی هاوسـەرگیریی جیاڕەگەزیدا[8]. لەدرێژەی قسـەکانیدا باتڵەر دەڵێت: "ئەم جووتبوونی هێترۆسـێکسـواڵیتییە (نێر و مێ) یەکێکە لە بنیاتەکانی کولتوور بۆ خزمەتکردن بە بەرژەوەندییە زاوزێیەکان و بۆ زیادکردنی مرۆڤ دانراون" (Butler, 1988: 254) لێرەوە ئاماژە بە بیروڕای هەندێ لە فەیلەسوفەکانی وەک (میشـێل فۆکۆ، مۆنیک ئان ویتیگ Michel Foucault, Monique Ann Wittig) مێژوونووسانی هاوڕەگەزبازیی دەدات .

هەرچی سـەبارەت بە ئاراسـتەی سـێکسـییە، بەو پێیەی باتڵەر سیستمی نێر و مێی هەڵوەشـاندەوە، و بەو ئەنجامە گەیشـتووە نێرینەیی و مێینەیی جۆرێکە لە خەیاڵی کولتوریی و کۆمەڵایەتی، لە کتێبەکەیدا (کێشـەی جێندەر) ڕەخنەی توندی لەوانە گرتووە کە باس لە ئاراسـتەی جیاڕەگەزبازیی (هیترۆسـێکسـواڵیتی) وەک ڕاسـتییەکی سـروشـتی دەکەن. لە کتێبەکەیدا باس لە گوتاری لەناوبردنی ئەو جۆرە کولتورە دەکات کە ئەم بۆچونەی لەسـەر دامەزراوە، لەسـەروو ئەمەشـەوە پیادەکردنی جیاڕەگەزخوازیی سروشتیی و باو، پراکتیکی نۆرماتیڤی هێترۆسێکسواڵ بە ئەنجامی گروپێکی باڵادەستی ناو کۆمەڵگە ناوزەد دەکات، بەئاشـکرا داوای دانپێدانانی ئاراستە سێکسییە شازەکان وەک (هۆمۆسێکسواڵیتی، کویرەکان) دەکات.

سـەبارەت بە شـێوازی دیاریکردنی شـوناس باتڵەر دەڵێت: بریتییە لە هەسـتی تاک بە خود، کاتێک لێیان پرسـی: بۆچی چەوسـاندنەوەی ڕەگەز هەیە؟ لە وەڵامدا وتی: ئەوە کاتێک دەبێت کە مرۆڤ ڕەگەزێکیان بۆ دیاریکردووە و هەسـت بکات کە ڕەگەزەکە بۆی ناگونجێت. من دەبینم هەندێک کەس کە لە دەرەوەی نۆرمەکانی ڕەگەزی دەژین، دەناڵێنن.

"دیدگای من ئەوە نییە وەک فێمینیستێکی ڕادیکاڵیی دەیەوێت پرۆفایلی جیهان بکاتە مێینە، بەڵکو بۆ من گرنگە بزانم ئەم دوو ڕوانگەیە وەک پێکهێنەری کۆمەڵایەتی چۆن دروسـتبوون، ئەوەی من دەمەوێت سـەرەتا ئەم دیدگایە ئاشـکرا بکەم و لە دواییدا وێرانی بکەم، پاشـان بنیاتی بنێمەوە". کەواتە بە بڕوای باتڵەر بەمجۆرە ڕێگریی لە دروسـتبوونی جیاوازی ڕەگەزیی دەکرێت ، لێرەوە دژی کۆمەڵێکی زۆر لە ژنانی ئەدیب و نوسـەر جەختیان لەسـەر جیاوازی نێوان هەردوو ڕەگەز لە هەموو گوتارێکدا کردووە و دەڵێت: "ئەمە بەهۆی دابو نەریتی نێرینەییەوە یان بەهۆی ڕەفتاری ملکەچییانەی مێینەوە بووە" (جودیت بتلر, & ثائر دیب، ٢٠١٨: ١٣٩).

**چوارچێوەی مەیدانی توێژینەوەکە**

وەک پێشتر باسمانکرد، جگە لە شـێوازی دەقشـیکاریی، گفتوگۆیەکی گروپیش بە مەبەسـتی بەدەسـتهێنانی داتای چۆنایەتی زیاتر ئەنجامدەدرێت. لەبەر ئاڵۆزی تێگەیشـتن لە چەمکی جێندەر لە کوردسـتاندا و تەنانەت لە هەموو جیهاندا، ڕێگەی دووەمیشمان بەکارهێنا بۆ زیاتر تێگەیشـتن لە چۆنێتی بەکارهێنان و کارکردن بۆ ئایدۆلۆژیای جێندەر لە کوردستاندا، هەروەها بۆ مەبەستی ئەنجامدانی بەراوردە لە نێوان بۆچونەکانی باتڵەر و نوسەرانی کورد بۆ چەمکی جێندەر.

ڕێبازی گفتوگۆی گروپیی بۆ توێژینەوە کۆمەڵگەییەکان بە ڕێگایەکی سـەرکەوتوو دادەنرێت، چونکە ڕێگە بە بەشداربووان دەدات بیرۆکە و ئایدیاکانیان بەشێوەیکی ڕاستەوخۆ بە ئاسوودەیی دەربڕن (Stewart & Shamdasani, 1997).

بۆ ئەنجامدانی ئەم گفتوگۆ گروپیە لەم توێژینەوەیەدا، هەوڵماندا سـەرنجمان لەسـەر دیدگا جیاوازەکان بێت، بۆ نمونە، بیرکردنەوە و ئایدۆلۆژیای بەشداربووان لە پرۆسەی چاوپێکەوتنەکەدا لەبەرچاو گیراوە. وەک ئاشکرایە هەروەک کۆمەڵگەکانی تر، زۆرینەی خەڵکی کوردسـتان بۆ چەند دیدگایەکی جیاواز وەک ناسـیۆنالیزمیی، سـێکۆلار هەروەها بیری ئیسـلامیی دابەشـبوون. لەم توێژینەوەیەدا گروپی گفتوگۆکە پێکهاتبوون لە پێنج مامۆسـتای زانکۆ کە هەریەکەیان خاوەنی چەندین توێژینەوەی ئەکادیمییە لە بواری جێندەر و فێمینیزمدا و ئەزموونی ١٠-٢٠ ساڵیان هەیە.

لە تەوەری گفتوگۆکەدا تاوتوێی هەریەکە لەم چەمکانەی خوارەوە کرا:

1. شەبەنگی جێندەریی Gender Spectrum

8 To guarantee the reproduction of a given culture, various requirements, well established in the anthropological literature of kinship, have instated sexual reproduction within the confines of a heterosexually-based system of marriage which requires the reproduction of human beings in certain gendered modes which, in effect, guarantee the eventual reproduction of that kinship system (Butler,1988: 254).

2. نەهێشتنی سیستمی نادووانەیی Non-binary system
3. کردەگەرایی (ئەدای) ڕەگەزیی Gender Performance
4. کویرەکان Queers
5. سێکسە ناباوەکان وەک هۆمۆسێکسوالێتی

چونکە هەریەکە لەم چەمکانە لە ئێستادا لە رۆژئاوا کاری لەسەر دەکرێت و پێشبینی دەکرێت لە چەند ساڵی داهاتوودا لەناو کوردستانیشدا پەرەبسێنێت، بەتایبەت لەم سەردەمەی ئێستای میدیا و تەکنەلۆژیای نوێدا کە هیچ سنورێک یان بەربەستێک لە بەردەم بڵاوبوونەوە و گەیاندنی بیرو ئایدیاکاندا نەماوە.

سەرەتا پرسیارەکان ئاراستەی دکتۆر (عومەر عەلی ئەحمەد) مامۆستا لە بەشی کۆمەڵناسیی لە زانکۆی سلێمانی کرا، ئەو بەشێوەیەکی گشتی دیگای باتڵەری بۆ کارکردن لە بواری فێمینیزمدا لا پەسەند نەبوو، هەروەک لە زۆرێک لە قسەکانیدا جەختی لەسەر نامۆییی وتوندی دیدگای باتڵەری دەکردەوە، وەک دەڵێت:

-لای باتڵەر ماتریالیزمی جەستە ئەو کاتە چێ دەبێت کە کولتور چێی دەکات، ئەگینا شتێک نییە بەناوی ئۆرگانی نێر یان مێ، تەنانەت یەکێ لە کارەساتەکانی باتڵەر ئەوەیە باوەڕی بە ڕەگەزی بایۆلۆژی نییە.

-تەواوی کاری باتڵەر لەسەر سێکسە. وەک فۆکو، لای باتڵەر مرۆڤ کۆیلەی حەز و ئارەزووەکانێتی، بنەماکان لای ئەو بریتییە لە "چێژ"، هەروەک دەڵێت: "ئێمە بە ئارەزووە ناکۆکەکانمان مەحکومین"، باتڵەر پێی وایە "ئەوانەی کە دژی ترانس پیاو و ترانس ژنن، سایکۆپاس و خەڵکی نەخۆشن کێشەی مرۆڤایەتی ئەوەیە ڕێز لە ئارەزووی هۆمۆسێکسوالێتی نەگرتووە."

-یەکێکی تر لە قسەکانی باتڵەر دەڵێت: "مرۆڤ خۆی چ جێندەرێکی بەلاوە باشە با بۆ خۆی هەڵیبژێرێت، واتە تۆ بۆت نییە تەنانەت پرسیار لە کوڕەکەشت بکەی بۆچی هەستی کچانەت هەیە، بەڵکو دەبێت خۆی بڕیاربدات."

-باتڵەر دەڵێت: "من بۆیە وا دەکەم تا ئەوانەی لە دەرەوەی نۆرمە جێندەرییەکانن پشتیوویەک بدەن و لە کۆتوبەندی نۆرمە جێندەرییەکان _مەبەستی لە کویرەکان یان هۆمۆ سێکسواڵەکانە_ بەو شێوەی کە خۆیان دەیانەوێت بژین."

-تەنانەت فێمینیستەکان ڕەخنە لە باتڵەر دەگرن و دەڵێن مێژووی فێمینیزمی ئاڵۆز کردووە.

-بۆچوونەکانی باتڵەر و دی بۆڤوار دژی یەک وەستاونەتەوە، باتڵەر زۆر کار لەسەر سیاق (کۆنتێکست) دەکات، بۆ نمونە دەڵێت: "کۆنتێکست بڕیار دەدات مرۆڤ چ نمایشێکی سێکسی هەبێت."

-باتڵەر دەڵێت: "هیچ کەس لە سەرەتاوە بوونێکی جێندەریی نییە، بەڵکو ئەوەی کە هەیە تەنها نواندنی نۆرمە جێندەرییەکانن و جێگیر بوون، ئێمە ئێستا تێکشکاندنی ئەو نۆرمانەیە چۆن نۆرمە جێندەرییەکان جێگیر بوون، بەواتایەکی تر هیچ پەیوەندییەک لە نێوان جەستە وەک ڕەگەز و بایۆلۆژیا و جێندەر وەک کولتوور نییە، ناشبێت ئەمانە ڕەفتاری مرۆڤ دیاری بکەن."

-باتڵەر دەڵێت: "بابەتەکان کۆنتێکست دەریدەخات چی دەگوزەرێ نەک ئەوەی ئۆرگانێکی بایۆلۆجی ناچارمان بکات بۆ حەزێک یان مەیلێک تا درێژای ژیانمان پێوەی بنالێنین". هەروا دەڵێت: "جێندەر جێگیر نییە و دەگۆڕێت و ڕیشەی بایۆلۆجی نییە."

ئەم ڕایانەی باتڵەر دوو مەترسی هەیە:

یەکەم، ئەو خەباتەی بزووتنەوەی فێمینیزمیی هەوڵی بۆ دەدات، خەباتی ئازادی جنسیی نەبوو، چونکە وەک دەزانین لە شەپۆلی یەکەمەوە ئافرەت کێشەی موڵکدارێتی هەبوو، کێشەی بەدەستهێنانی مافەکانی هەبوو، کێشەی یاساکانی هەبوو. بەڵام ئێستا، هەرچەندە باتڵەر دەڵێت ڕاکانم تەنها لە جنسدا کۆمەکەنەوە بەڵام کرۆکی باسەکانی هەر ئەوەیە.

دووەم، دەبێت ئەوە بزانین حەقیقەتی جێندەر ئەوەی باتڵەرە، واتە ئەوەی ئێستاش (UN) جێبەجێی دەکات هەمان دیدگا باتڵەرە _واتە دیوە ڕاستەقینەکەی جێندەر_.

لە کۆتایدا دکتۆر عومەر دەڵێت: "مەسەلەی هاوڕەگەزخوازیی لە کۆمەڵگەدا هەر هەبووە، بەڵام نابێت تەرویجی پێ بدرێت و بهێنرێتە سەر میدیا، من تا سەرمۆخ دژی ئەجێندای هاوڕەگەزخوازانم، ئەمەی ئێستا دەیبینی بووەتە بابەتێکی تەعلیمیی خەڵکی فێر دەبێت ئەگینا لە بنەڕەتدا کۆمەڵایەتیی نییە، هەموو ئەمانە (UN) ڕەواجی پێدەدات و ئەمە فێڵکردنە لە مرۆڤ".

پاشان پرسیارەکان لە گروپی گفتوگۆکەدا ئاراستەی دکتۆر (پاڤێ جەمیل ئەحمەد) ڕاگری کۆلێژیی زانستە مرۆڤایەتییەکان لە زانکۆی سلێمانی کرا.

د. پاڤێ دەڵێت: فێمینیزم لە سەرەتای شەپۆلەکانیدا پشتگیری لە ژن کردووە بەڵام دوایی بەچەند شەپۆلێکی تردا ڕۆیشتووە، لەوانەیە دواتر ئێمەش بگەینە ئەو بارەی ئێستا ئەوروپای تێدایە.

-ئەم باسەی ئێستا لەسەر جێندەر دەکرێت، بۆ نمونە ئەوانەی کە دژی بەها ئەخلاقیەکانە، گەنجان باشترین نێچیری ئەم بابەتەن، زۆر کەس جێندەر بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی بەکاردەهێنێت و بەو شێوەیە تەرجەمەی دەکات کە دەیەوێت. خەریکە ئەوەی لە ئەوروپایە، لێرەش ژێر بە ژێر دێتە ناو کوردستان و لاساییدەکرێتەوە، هەرچەندە ئێمە لە ڕواڵەتدا پابەندین بە بەهاکانەوە.

- جێندەر لە کوردستاندا بە فەوزا پێناسە کراوە، یەکێتی ژنان پێی وایە جێندەر بریتییە لە یەکسانی ژن و پیاو، و بە مافی ژن پێناسەی دەکات، بەڵام ئەو ڕێکخراوانەی کە هەر بۆ فەند دەگەڕێن بەشێوازێکی تر پێناسەی دەکەن بۆ ئەوەی فەند وەربگرن.

پاشان دکتۆر (هێمن باقر) مامۆستای زانکۆ لە بەشی کۆمەڵناسی لە زانکۆیی سلێمانی، لە بەشداریکردنی گفتوگۆکەدا وتی: مەسەلەی جێندەر ئایدۆلۆژیایە و فەلسەفەیەکی کۆمەڵایتیی و سیاسییە، باوەڕێکی لە پشتەوەیە و (UN) و سیستمی نوێی جیهانی نەک تەنها بڵاویدەکاتەوە بەڵکو دەیسەپێنێت و کراوەتە مەرج بۆ هاوکاریی وڵاتان.

دکتۆر هێمن باقر عبدول میکانیزمەکانی بڵاوکردنەوە و سەپاندنی جێندەر دیاریدەکات و دەڵێت:

-یەکەم/ فشاری سیاسی لەسەر دەسەڵاتی سیاسی وڵاتان دادەنرێت ئیتر پێیان خۆش بێت یان نا دەبێت جێبەجێی بکەن.

-دووەم/ لەڕێگەی فەندەوە بۆ ڕێکخراوەکانی(NGO).

-پێش باتڵەر سێکس و جێندەر جیابوون، سیمۆن دی بۆڤوار و ئان ئوکڵی ئیعتیرافیان بە بواری بایۆلۆژیی دەکرد، بەڵام ئیتر لە باتڵەرەوە بڕوا بە بایۆلۆژیا نەما. باتڵەر دەڵێت: هەموو شتێ موکتەسەبە ، باتڵەر دژی ئەوەشە کە مرۆڤێک تا ماوە هاوڕەگەزباز بێت، بەڵکو دەڵێت لە هەرکاتێکدا خەیاڵت چۆن بوو تۆ ئەوەیت.

-لە پێش باتڵەر جێندەر کۆمەڵایەتیی بوو لە باتڵەرەوە بوو بە نەفسی و دەڵێت " جێندەر جێگیر نییە، کۆمەڵگە خورافەیە، مەبدەئی لەزەت زاڵە، مرۆڤ سەنتەرە و خاڵییە لە بەر پرسیارێتی کۆمەڵایەتیی".

-کاتی خۆی جێندەر بۆ چارەسەرکردنی ناعەدالەتی بوو، هات بۆ دەستکاریکردنی ڕۆڵ و نۆرم و جیاوازییە جێندەرییەکان، بەڵام ئایا جێندەر توانی چارەسەری کێشەکان بکات یان کێشەی زیاتر سەریهەڵدا، لە ئێستادا بزنس بە جەستەی مرۆڤەوە دەکرێت، ئەمەش لەگەڵ جیهانی سەرمایەداریدا زۆر دەگونجێت، بازاڕێکی گەورەی دروست کردووە.

- جێندەر زەربەی لە مەسەلەی ژنان داوە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیی، جاران باس لە کێشەی ژنان و منداڵان دەکرا ئێستا باس هەر باسی جێندەرە.

-ئەمریکا لە ئێستادا پێشەوایەتی مەسەلەی جێندەر دەکات.

-لە کوردستاندا چۆن لە جێندەر تێ بگەین؟ لە کوردستاندا بڕوا بە یەکسانی ژن و پیاو بە بەرگێکەوە پێچراوە، هەندێک لە (NGO) و سەنتەرەکان بە مەبەست بێت یان بێ مەبەست یان بۆ فەند پەیداکردن بێت، کار لەسەر هەمان بۆچونەکانی باتڵەر دەکەن. پێمان وا نەبێت جێندەر نەهاتۆتە کوردستانەوە، بەڵکو لە هەندێ لە زانکۆ و سەنتەرەکاندا جێندەر وەک ئەوەی لە ئەوروپادا هەیە جێبەجێدەکرێت.

-جێندەر زەربەی لە مەسەلەی ژنان لە کوردستان داوە، جێندەر دژی خێزانە دژی بەهاکانە، ئەگەر لە کوردستاندا مەبەست لە جێندەر یەکسانی ژن و پیاو و خزمەت کردنە بەژنان پێویستە لەژێر ناوێکی تردا بێت و وشەی جێندەر بەکار نەهێنرێت.

لە کۆتاییدا (ڕووناک حەسەن پێنجوێنی) دەرچووی زانکۆی ئێدیت کاوان لە ئوستراليا، وەرگێر بۆ زمانەکانی ئینگلیزی، فارسی، کوردی و هەروەها توێژەری باڵای کۆمەڵایەتی بۆ کارکردن لەگەڵ ژنان لە کۆمەڵگادا لە ئوستراليا، سەبارەت بە پرسیارەکان وتی:

-ئەمریکا سەرەتا وازی لە دین هێنا دوای وازی لە کولتووریش هێنا ئێستا لەسەر فەلسەفەی تاکگەرایی (Individualism) دەڕوات، کوردستانیش خەریکە بە شەپۆلەکانی فێمینیزمدا وەک ڕۆژئاوا دەڕوات.

-ترانسەکان لە وەرزش و زیندانەکاندا کێشەی زۆریان ناوەتەوە. ژن و پیاو جەستەیان جیاوازە، دکتۆرێک بە ناوی ماریەم گرۆسمان (Miriam Grossman) کتێبێکی نووسیوە بە ناونیشانی ونبوون لە میللەتی ترانسدا، (Lost in Trans Nation)، زۆر ڕەخنە لە ئەجێندای (LGBT) دەگرێت، ڕەخنە لە ترانزجێندەریزم دەگرێت، دەڵێت زۆر بەخێرایی منداڵان دەخەنە ژێر هۆرمۆنات و عەمەلیاتی ڕەگەزگۆڕینەوە کاتی خۆی یەک سەنتەر هەبووە، ئێستا بە سەدان سەنتەر هەیە و منداڵان و هەرزەکاران بە چاولێککەریی دەیکەن.

-بەڕای من باتڵەر هەموو مرۆڤایەتی بەرەو پیدۆفیلیا (منداڵبازیی) دەبات، بانگەشەکارانی جێندەر دەنگیان بەرزە بەڵام خەڵکی گشتی بەو شێوەیە نین.

وەک هەردوو توێژەر، لە کۆتاییدا زۆر سوپاسی هەموو بەشداربووانی گفتوگۆکە دەکەین چونکە زانیاریی زۆرمان لەسەر بەکارهێنانی چەمکی جێندەر لە کوردستاندا وەرگرت. لە ڕاستیدا ئەنجامدانی ئەم گفتوگۆییە لەگەڵ پسپۆڕانی کۆمەڵناسیی و

بواری جێندەر کارێکی گرنگ بوو بۆ تەواوکردنی توێژینەوەکە، چونکە هەروەک پێشتر باسمانکرد ئەنجامدانی توێژینەوەیەک لەسەر بواری جێندەریی کارێکی ئاسان نییە و ئاڵۆزە پێویستی بە وردەکاریی زۆر هەیە.

لەدوای ئەم گفتوگۆ زانستییە لەسەر نوسینەکانی باتڵەر، دەتوانین بڵێین: باتڵەر جەنگێکی هزریی بەرامبەر بە کۆمەڵگە و تەنانەت فێمینستە بەناوبانگەکانی پێش خۆی ڕاگەیاندووە. بۆچونەکانی باتڵەر باس لە جۆرێکی ترسناکی جێندەر دەکەن. بۆ نمونە، یەکێک لە بیروڕاکانی باتڵەر لە بواری جێندەرییدا ئەوەیە کە دەڵێت: تاک لە کۆمەڵگەدا دەتوانێت ڕۆڵی جێندەری جیاواز لە ڕێگەی ئەدای کۆمەڵایەتییەوە (Gender Performance) بەرجەستە بکات[9]، بەهەمان شێوە دەڵێت: تێڕوانینی کۆنەپەرستیی بۆ سێکس و ڕەگەز_ واتە شتێک نەمێنێت بە ناوی ڕەگەزی مێ و نێر_ پێویستە تێکبشکێنرێت و لەناوببرێت ( Gender Trouble). ئەم هەوڵانەی جودیت باتڵەر مشتومڕێکی زۆری زانستی لەسەر ئایدۆلۆژیای جێندەر دروستکردووە و زۆرێک لە نوسەران ڕەخنەیان لێگرتووە، بەڵام لە هەمانکاتدا کاریگەرییەکی زۆری لەسەر بواری جێندەر و ناسنامەی سێکسی بەجێهێشتووە.

نوێنەرایەتی ڕەوتی پۆست فێمینیزمیی[10] هەوڵی تێکدانی بناغەی هەر سیستەمێک دەدەن کە داکۆکی لە مانەوەی دووانەیی ڕەگەزی بایۆلۆژیی Binary System و هێترۆسێکسواڵیتیHeterosexuality دەکەن.

ئەگەرچی سەرچاوەی بیرۆکەی جێندەر لە سیمۆن دی بۆڤوارەوە سەریهەڵدا، ئەو بوو لە سەرەتاوە بڵێسەی ئاگرەکەی داگیرساند باسی بیرۆکەی جێندەریی کرد، بەڵام شەپۆلی سێهەم و پۆست فێمینیزمیی بە شێوەیەکی زۆر جیاواز پێناسەی جێندەر دەکەن کە ڕەنگە ئەو کاتە بە مێشکی دی بۆڤواردا هەر نەهاتبێت. کورتەی باسەکە دەڵێت: هەریەکە لە سێکس لەنێوان دوو ڕەگەزی جیاواز هێترۆسێکسوالیتیHeterosexuality سیستمی دووانەیی ڕەگەز Binary System خەیاڵی کولتوورین و پێویستە هەمووی تێکبشکێنرێن و لەناوببرێن[11].

بەکورتی هەموو مامۆستایانی ناو گروپی گفتوگۆکە کۆکبوون لەسەر ئەوەی، جێندەر لە کوردستاندا بەزۆری لەسەر فەلسەفەی سیمۆن دی بۆڤوارە، ئەمەش زیاتر خۆی دەبینێتەوە لەئامانجی گەیشتن بەو مافانەی کە پیاوان پێی گەیشتوون، بەشێوازێکی گشتی یەکسانیی جێندەریی دەبێت، هەرچەندە هەندێک سەنتەر و ڕێکخراو هەن دەستیان بە هاوردەکردن و جێبەجێکردنی جێندەر بەهەمان دیگای باتڵەر کردووە.

**دەرئەنجام**

لە کۆتایی چاوپێکەوتنەکان و بەو خوێندنەوە زانستییەی لەم توێژینەوەیەدا بۆ نوسینەکانی باتڵەر ئەنجامدرا، دەگەینە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:

١/ لە دووتوێی کتێبەکانیدا باتڵەر چوارچێوەی تیۆریی و فەلسەفەی جۆراوجۆر بەکاردەهێنێت بۆ پشتگیریکردن لە ئارگیومێنتەکانی، و سوود لە کارەکانی میشێل فۆکۆ و جاک لاکان Michel Foucault & Jacques Lacan و تیۆریستەکانی دیکە وەردەگرێت بۆ لێکۆڵینەوە لەو ڕێگایانەی کە تێگەیشتنمان لە جێندەر و سێکس لە قاڵبدەدەن.

٢/ لای باتڵەر ڕەگەز لە مرۆڤەکاندا بەشێکی جێگیری بایۆلۆژیی نییە، بەڵکو وەک خۆی دەڵێت Sex Performance کردەیەکی دووبارە و بەردەوامییە لە ڕێگەی نۆرم و تێڕوانینی کۆمەڵایەتییەوە دروستدەبێت و بەردەوام دەبێت. باتڵەر ڕەخنە لەو بیرۆکەیە دەگرێت کە ناسنامەی جێگیریی و جەوهەریی بۆ "ژنان" یان "پیاوان" دابنرێت، دەڵێت ڕەگەز شتێک نییە بەشێک بێت لە مرۆڤ بەڵکو شتێکە مرۆڤ ئەنجامی دەدات. بە واتایەکی تر ڕەگەز سیفەتێکی ئیستاتیکی نییە، بەڵکو کۆمەڵێک کردار و ڕەفتارن بەردەوام ئەنجام دەدرێن و بەهێز دەکرێن.

٣/ لای باتلەر ڕەگەز بە بایۆلۆژی یان ئەناتۆمی دیاری ناکرێت، بەڵکو بە نۆرم و چاوەڕوانییە کۆمەڵایەتییەکان دیاری دەکرێت. باتڵەر دەڵێ ئەم نۆرم و چاوەڕوانیانە ئارەزوومەندانە و هەڕەمەکی نین، بەڵکو بە قووڵی لە کولتوور و کۆمەڵگەکاندا چەسپاون. نوسینەکانی باتڵەر و شیکارییەکانی بۆ جێندەر و لایەنی سێکسی مرۆڤ کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر کولتوور و سیستمی باو و تیۆری فێمینیست و کویر هەبووە.

٤/ باتڵەر رەخنەی جدی لەسیستمی دووانەیی ڕەگەزیی هەیە و هەموو ئەوانەی تا ئێستا کاریان بە ئەو سیستمە کردووە _لە نێویشیاندا فێمینستەکان_ بە بیری تەقلیدیی ناوزەد دەکات، بە توندی رەخنەی لە پۆلێنکردنی مرۆڤەکان بۆ ژن و پیاو گرتووە و

---

9 وەک ئەوەی ڕای نوسەرانی پێشووی خۆی لەسەر جێندەر

10 باتلەر یەکێکە لە تیۆریستەکانی

11 کێشەی جێندەر: فێمینیزم و تێکدانی ناسنامە1990) "Gender Trouble: Feminism and the Subversion of Identity"

دەڵێت: نابێت بە جێگیریی سەیربکرێت. بەڵکو (ڕەگەز) بنیاتێکی کۆمەڵایەتییە و بەشێکی جێگیر یان سروشتی نییە لە مرۆڤەکاندا، بەڵکو پرۆسەیەکی دینامیکی و نەرمە و دەشێت گۆڕانکاریی تێداڕووبدات.

٤/ باتڵەر ئاراستەی سێکسیی (Sexual Orientation) بە هەمان شێوە دەگەڕێنێتەوە بۆ تێڕوانینی چەسپاوی سیستمی دووانەیی (Binary System) مرۆڤەکان، دەڵێت ئەمەش بەرهەمی نۆرم و چاوەڕوانییە کۆمەڵایەتییەکانە، بەو مانایەیە کە ئاراستەی سێکسی جێگیر یان پێشوەختە دیاریکراو نییە. لە کتێبی (کێشەی جێندەر)دا دەربارەی بیرۆکەی "ماتریکسی جیاڕەگەز" باتڵەر دەڵێت: تێگەیشتنمان لە ڕەگەز و سێکسوالیتی بە قووڵی ڕەگ و ڕیشەی لە چوارچێوەیەکی جیاڕەگەزخوازیی باودا هەیە، کە گریمانە دەکات تەنها دوو ڕەگەز هەن. ئەو پێشنیاری ئەوە دەکات کە ئەم چوارچێوەیە تەنها پەیوەندی بە ئاراستەی سێکسییەوە نییە، بەڵکو سیستەمێکی کولتووری و سیاسی فراوانترە کە پۆلە جێندەرییە دووانەییەکان و پەیوەندییە دەسەڵاتییەکانی پەیوەست بەوانەوە بەهێزتر دەکات.

٥/ لە دوای دی بۆڤوارەوە، فێمینیستەکان هەوڵیاندا کە یەکسانییەکی ڕەها لەگەڵ پیاواندا بەدەست بهێنن، واتە چیتر بە دیدگای دی بۆڤوار بۆ پیاوان قایل نەبوون. لە ئێستادا بزووتنەوەیەکی فێمینیستی ڕادیکاڵ سەریهەڵداوە و هەوڵدەدات هەموو پەیوەندی و نزیکبوونەوەیەک لەگەڵ پیاواندا هەڵبوەشێنێتەوە و سەیری پیاو وەک نەیار دەکات. چیتر فێمینستە نوێییەکان وەک ئەوەی سیمۆن داوایدەکرد تەنها بە هەوڵی گەیشتن بە یەکسانیی، مافی کارکردن و ڕەخساندنی هەلی یەکسان بۆ ژن و پیاو، داکۆکیکردن لە مافەکانی ژنان و پاراستنییان نەوەستان، بەڵکو ڕۆیشتونەتە سەرباسی ئازادی جەستە و یەکسانی ژمارەیی لە هەموو پێگە و بوارەکاندا، لەناوبردنی دووانەیی ڕەگەزیی، بەیاسایی کردنی خێزانی هۆمۆسێکسوالیتی، و داننانی کۆمەڵگە بە ئاراستە سێکسییە شازەکانی وەک (هۆمۆسێکسوالیتی، کویرەکان).

٦/ ئەوەی لە کوردستان لە بواری جێندەردا کاری لەسەر دەکرێت، بەپێی چاوپێکەوتنەکان بەزۆری هەمان ئەو جێندەرەیە کە لای سیمۆن دیبۆڤوار و ئەوانەی لەسەر ڕەوتی ئەو قسە دەکەن، واتە زیاتر خۆی لە گەیشتن بەو مافانەی کە پیاوان پێی گەیشتوون دەبینێتەوە. هەرچەندە چەند سەنتەر و ڕێکخراوێک هەن دەستیان بە جیبەجێکردنی جێندەر بەهەمان دیگای باتڵەر کردووە.

**سەرچاوەکان**

جوديت بتلر, & ثائر ديب. (2018). الأفعال الأدائية وتكوين الجندر: مقالة في الظاهراتية والنظرية النسوية. دورية عمران للدراسات الاجتماعية.141-127 ,(25)*7*

سيمون دي بوفوار، الجنس الآخر، تر: ندى حداد، الأهلية للنشر والتوزيع، الأردن، ط1، 2008

صالح, أ. (2022). الأدوار المجتمعية والهوية الجندرية دراسة حالة للجنس الثالث. مجلة كلية الآداب جامعة الفيوم*14* ,(العدد 1 (الإنسانيات)), 3567-3497.

عبد العال, س., & سامي. (2021). اللغة والجسد الفلسفة النسوية عند جوديث بتلر. مجلة وادي النيل للدراسات والبحوث الإنسانية والاجتماعية والتربويه..524-465 ,(31)*31*

عبدالحافظ, ه. (2018). مفهوم الجندر والدور البنائي المتغير. مجلة كلية الآداب. جامعة الإسكندرية.18-1 ,(91)*68*,

ليلى قريدي. (2020). مفهوم الجندر و إشكالية الترجمة. مجلة التمكين الاجتماعي, 2(4), 38-49.

نيسم شاكر داخل, & أ. م. د. حنان علي عواضة. (2023). البِنية التأسيسية للهوية الذاتية والنقد الأخلاقي دراسة تحليلية في فلسفة جوديث بتلر. مجلة العلوم الأساسية. .293-271 ,(16)*10*

Bekkaye, M. (2022). Gender Trouble: Feminism and the Subversion of Identity. *Omran for social sciences*, *11*(41), 175-183.

Butler, J. (1988). Performative Acts and Gender Constitution: An Essay in Phenomenology and Feminist Theory. *Theatre Journal*, *40*(4), 519–531. https://doi.org/10.2307/3207893

Butler, J. (1990). *Gender Trouble: Feminism and the subversion of indentity* (p. 61). New York: routledge.

Judith, B. (1999). Gender trouble: Feminism and the subversion of identity.

M El-Sawy, A. (2019). Performativity of Gender in Marina Carr's Low in the Dark. *Annals of the Faculty of Arts, Ain Shams University*, *47*(6), 63-92.

McGrath, L. S. (2009). Frames of War: When is Life Grievable?. *MLN*, *124*(5), 1232-1236.

Morgenroth, T., & Ryan, M. K. (2018). Gender trouble in social psychology: How can Butler's work inform experimental social psychologists' conceptualization of gender?. *Frontiers in Psychology*, 1320.

Ton, J. T. (2018). *Judith Butler's notion of gender performativity* (Bachelor's thesis).

Zavaletta, A. S. (2005). Undoing gender. *The Comparatist*, *29*(1), 152-153